یەحیا ڕەسوڵ کۆبوونەوەکانی لیژنەی سەربازی بۆ تەواوکردنی پلانی کۆتاییهێنان بە ئەرکی هاوپەیمانی نوددەوڵەتی ڕادەگەیەنێت

ئەمڕۆ پێنجشەممە، وتەبێژی فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکان، لیوا یەحیا ڕەسوڵ عەبدوڵا، پشکۆشکردنی کۆنووسی کۆبوونەوەکانی لیژنەی سەربازی بۆ تەواوکردنی پلانی کۆتاییهێنان بە ئەرکی هاوپەیمانی نودەوڵەتی ڕاگەیاند.

لیوا ڕەسول لە ڕاگەیەندراوەکدا کە ڕایگەیاند: "ئەو سێ لیژنەیە لاوەکییەی لە لیژنەی باڵای سەربازییەوە سەرچاوەیان گرتووە بۆ کۆتاییهێنان بە ئەرکەکانی هاوپەیمانی نودەوڵەتی کۆبوونەوەکانیان لە بەغدا ئەنجامدا، لەگەڵ هاوتاکانیان لە هاوپەیمانی نودەوڵەتی، بە گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتانە بکەن کە لە کارنامەکانیاندا ئامادەکراون بۆ هەڵسەنگاندنی مەترسییەکانی تیرۆر و بارودۆخی ژینگەیی ئێپەراسیۆنەکان و بژاردەکانی ئەستا و داهاتوو بۆ بەرزکردنەوەی تواناکانی هێزە چەکدارەکانی عێراق.

لە ڕاگەیندراوەکەدا ئاماژەی بۆ ئەوەیش کردووە کە ، لیژنەکان کۆنووسی کۆبوونەوەکانیان پشکەش کرد بۆ ئەوەی مەرجەکانی پلانی کۆتاییهێنان بۆ ئەرکی هاوپەیمانی نودەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی داعش

تەواو بکرێت، هەروەها گواستنەوە بۆ پێویستییە دووقۆناغییە فراوانکان لەگەڵ وەاتانی ئەندام تەواو بکرێت کە لیژنە لاوکییەکان بەردەوام دەبن لە ئەنجامدانی کۆبوونەوە بەردەوامکانی بۆ تەواوکردنی کارەکانیان.